www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ساڵی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێداوە

ژمارە
108
ساڵی شەشەم ٢٠٠٩/١٢/٢٥
بە کاتی بە تاڵان بردنی نەوتی فەککە



## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لە شاری بەغداوە ئەم خەبەرە عاجیلەی بە برادەرێکی سیقە پێکراودا بۆ ناردین، سەبارەت بەو بڕیارە هەزەلییەی لە لایەن میستەر بینەوە.. ببورن لە لایەن حکومەتەکەی مالیکییەوە دەرچووە. گوایە هەموو فەرمانبەرێکی عێراقی سەد بەرامبەری مووچەکەی خۆی وەربگرێت و پاشان بە قیستی مانگانە هێواش هێواش بە ڕەوتی کیسەڵ بیبژێرێ، بەڵام هەزەلییاتەکەی لەوەدایە ئەم نازو نیعمەت و گەزۆ بارینە هەرێمی کوردستان ناگرێتەوەو فەرمانبەرانی کوردستان بۆیان نییە سفتاحی لێبکەن.. بۆ زانیاری زیاتر تەشریف بەرن بۆ پاشماوەی خەبەر عاجل..



## دڕکبژێر



ئەم ماستاوچیانە روویان لەکێ کردووە؟ 3



ئەم بێ شعورانە سەیری چی دەکەن؟ 10



ئەم وەزیرە دیواری چی درووست ئەکات؟ 25

**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
**سەردار کێستەیی**
serdar_kesteyi@yahoo.com

**دەستەی نووسەران**
**ڕێبوار ئیدریس**

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**
عەلی مەندەلاوی
عەلی دەرویش
خضیرالحمیری
پەروەر
سۆران کوردپوور
سەردارکێستەیی
د.نامۆ
سالم سەلیم
هۆگر سلێڤانی
ئاراس باڵاتەیی
ئەحمەد مەندەلاوی
سەرتیپ گەرمیانی

**نووسەرانی بەشداربوو**
ڕەئوف حەسەن
نەجات حەمید
سالار حەسەن
کەریم مودەریس
ماجید نووری
حسن العاني
ئەحە نۆکە
شوان غەمبار
فارس تەمۆ
بەختیار حەسەن
ڕەفعەت کەرکوکی

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی- هەولێر

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
**ڕزگار فەقێ عەوڵ**
rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین و تایپ**
چیارئەحمەد
دلاوەر جەمیل
ئالان نەوزاد

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کرینی گەپ بکات، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات
٠٦٦٢٥٥٢٢٢٥ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٣



تیراژ: ٤٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت

## سەروتار




## بەمەزندە



• بەمەزەندەی شارەزایانی بواری تەبایی و برایەتی و هاووڵاتی و هاومالّی، پاش ئەوەی لە عێراقدا بۆنە دینی و ئەتنیەکانی شیعەو سوننە جیابوونەوە، پێشبینی دەکرێت ساڵی داهاتوو سەری ساڵی یەکێکیان بکەوێتە ئەم ساڵ و ئەوی تریشیان ساڵێکی ترەوە !

• بەمەزەندەی کافرۆش و کا کۆکەرەوەو سواخدەرانی دیواری قوڕ، دوای ئەوەی موتلەگ و جبووری و عولیان بەتەمان لە ئینتخاباتی داهاتوودا کای قادسیە بەبادەن، چاوەڕوان دەکرێت دەستیان نەکەوێ و لە جیاتی کابەبادان خۆبادانەکەیان پێ ببڕێ، لەسەر وەزنی پورتوقالە!

• بەمەزەندەی پێشبینیکەرەکان و ئەوانەی بەبێ هاتوو باسی ڕۆشتوو دەکەن، دوای ئەوەی لەم ماوەیەدا سیاسیەکی لای خۆمان لە تەسریحێکیدا وتی: ئینتخاباتی داهاتوو تەزویری تێدا دەکرێت، چاوەڕوان دەکرێت یان سیاسیی سیحرباز یاخود دۆڕاوەی پێشوەختە درووست بووبێت !

• بەمەزەندەی پرۆتۆکۆلچیەکانی بواری قوماری سیاسەت، پاش ئەوەی کەشف بوو شەهرستانی بیری (فەککە)ی وەک جۆکەر داوە بە ئێران، لەوانەیە بە چوارقوماری تری لەو جۆرە عێراق لە خەریتەدا نەمێنێ!

## شاشەی tv یەكان

**نووسینی: تاله tv**

* لەشاشەی ئاسمانی كەناڵ چوارداو لەبەرنامەكی تایبەت بەژناندا گوێم لە لەپێشكەشكارەكە بوو وتی : رێزان خان و لوقمان خان! بەراستی بێژەرێكی یەكسانخوازە!.

* لەژێرنوسی شاشەی تەلەفزیۆنی زەحمەتكێشاندا نوسرابوو خۆپیشادانانی كوردەكانی توركیا بەردەوامە لەدژی دەستگیر كردنی ئەندامانی. بەدەپە. دیارە بەدەپەش هەیە ئێمە نەمانزانیوە

* لەشاشەی سەتەلایتی كۆرەك تیڤیداولەبەرنامەی ئەژدەر شۆدا لەیەكەم شەوی ساڵی تازەدا پێشكەشكار ووتی: ئەمشەو یەكەم رۆژی ساڵی تازەیە، وابزانم ئەم برادەردە ئەوشەوە لەقارەی ئەمەریكابووە .

* لەشاشەی ناوخۆی جیهان تیڤیداو لەنیوە شەوێكدا نوسرابوو رۆژانەی تەلەڤزیۆن . لەكاتێكدا سەعت ١١ی شەوبوو جاتوخوا ئەمە رۆژانەی تەلەفزیۆن بوو، یان پار شێوانەی تەلەفزیۆن !؟

**لیستەكان لە بەرەبەری هەڵبژاردنەكانی ٢٠١٠ی عێراقدا**








سالار حەسەن




## لە قوتابییانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ/ حکومەتی مەرکەزی

لە نوکی خامەی هزرو بیرەوە
لە سەدان هەزار ڕۆشنبیرەوە
لە ڕەنجی گەنجی بێوچانەوە
هەم لە کوڕان و لەکچانەوە
لە سەرماو چلەی زمستانەوە
لە قوتابیانی کوردستانەوە
نامە ئەنوسین لە دوراودوری
بۆ حکومەتی کاک حەمە نوری
دەپرسین: ئایا جەنابی حوکمەت
هەی بەعیلم و فەن، هەی بەمەعریفەت
لەو هەموو کێشە بیر ناکەیتەوە؟
خێرە کچ لە کوڕ جیا دەکەیتەوە؟
پەرلەمانەکەت سەد ژنی تیایە
خۆت پێکەنینت بەو وەزعە نایە؟
ئەی بۆ حکومەتیش ناکەیتە دوو بەش؟
نیوەی بۆ ژنان، نیوەی بۆ چاوڕەش؟
نانا بێ سوبعەت عێراق دوو لەتکە
لەتێکی بخۆو لەتێکی فتکە
هەر وەک چۆن بودجەی پێشمەرگە نادەی
ڕەنگە هەر فێربی لمۆزت بادەی
فەرمانبەرانی خۆت پڕ پارەکەیت
ئەوانەی کوردیش سیاچارەکەیت
هەر بڕیارێکتان چەورایی تیابێ
بۆکورد مەمنوعەو بقەیەو نابێ
بەڵام بڕیاری کچ لە کوڕ کردن
دەبێ تەنفیزکەین بێ قسەکردن
ئیتر نازانم ئەم جۆرە پرسە
چەنی بەچەنەو باییی چەند فلسە ؟
خۆزگە جارێکیش بۆ کێشەی خوێندکار
مەنهەجی سوکتان دەکرد بە بڕیار
باقی وەسلام خۆمان سەربەخۆین
دیوار دامەنێن یەکتری ناخۆین !!

میدیاکان: ئەمریکا دەیەوێت دانیشتوانی جیهان کەم بکاتەوە!




شێوازی ئۆپۆسزیۆن لەکوردستان






## تەعەجوب

ناوی سیاسەت برادەرێکم بە تەجویدەوە لەبەرە، خاوەنی هەستێکی ناسکەو بەلێو ئەخورێ، لەدەرگای ژووری میوانی خۆیانی نووسیوە: no smoking. حەزناکات هەستی کەسیش کەمئەندام بکات.

کابرایەک سەعات ٢ی نیوە شەوو دزێکی لەحەوشەی ماڵەکەیدا گرتبوو، پێی وتبوو: چیت دەوێ بەم شەوە؟ هەی ناجسن؟ دزەکەش وتبوی: بەخوا کەناسم هاتووم زبڵەکەتان برێژم!! دزێکی ژینگە پارێزە!!

مزگەوتەکانی دەڤەری شارەزوور فێربون لەعانی بانگدا جیهازێک دادەنێن قەتعی شەبەکەی مۆبایل دەکات! خۆزگە جیهازێکی مراقەبەشیان دابنایە بۆ ئەوکەسانەی پێڵاوە کۆنەکانیان لەمزگەوت نۆژەن دەکەنەوە!

ژمارەی سەیارەیەکی تابلۆ شینی گەشتوگوزارم لایە، شەوان زۆر جار لەگەرمەی گەشتووگوزاردا سووتفەی دەکەم لەسێ خانەوادە کەمتری تیا نیە!

حیزبێکی سیاسی تازەبەتازە ئەندامێکی خۆیان بانگ کردووە، گوایە لەهەڵبژاردنەکەدا دەنگی بە حیزبێکی تراوە! ئەویش لەوەڵامدا وتبووی: گرنگ دەنگ نیە! گرنگ ئەوەیە من دڵم لاتانە!!

